## مریەم پیربەند:

# لە کوردستان زەمینەیەکی باشی پێشکەوتنی سینەما هەیە

**ئەم کچە هونەرمەندە ئێرانییە ماوەیەکە بۆ کاری هونەری بەردەوام سەردانی کوردستان دەکات، هەندێك جار بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵە سینەماییەکان وەك دەرهێنەر، چونکە کورتە فیلمەکانی لە زۆربەی فیستیڤاڵەکاندا بەشدارن، زۆر جاریش وەك دادوەر و ئەندامی لیژنەی دادوەریی فیستیڤاڵەکانی کوردستان بەشدار بووە لە هەولێر و سلێمانی، هەروەها لە یەکەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمایی دهۆك بەشدار بوو، ئەم جارەش لە فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتیی هەولێر وەك یەکێك لە ئەندامەکانی فیستیڤاڵ بەشدار بوو، بە هۆی ئەم پەیوەندییە بەردەوامە و تێکەڵییە زۆرەی لەگەڵ سینەماکارانی کورد و نزیك بوونەوەی لە کۆمەڵگای کوردییەوە ئاشنایەتییەکی لەگەڵ کورد و سینەمای کوردی پەیدا کردووە، بۆیە بە حوکمی تەجروبەی خۆی لەو بوارەدا شارەزاییەکی دەربارەی کورد و سینەمای کوردی پەیداکردووە.**

دەربارەی هاتنی ئەم جارەی بۆ کوردستان دەڵێ: ئەمە یەکەم جارم نییە سەردانی کوردستان بکەم، پێشتر لە چەند فیستیڤاڵێکی دیکەدا بەشدار بووم لە هەولێر و سلێمانی و ئەندامی لیژنەی دادوەران بووم، ئەم هاموشۆیە وایکرد کە دۆستایەتیم لەگەڵ فیستیڤاڵ و ئەکتەرەکان هەبێت و زۆریش خۆشحاڵم بەو دۆستایەتییەم، ئەم جارەش لە لیژنەی دادوەریی هەڵبژاردنی فیلمەکان بووم، ئەگەرچی پێشتر لە چەند فیستیڤاڵی دیکە لە ئێران و کوردستانیش دادوەریم کردووە بۆ کورتە فیلم و فیلمی دیکیۆمنتاری، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو فیلمانەی پێشکەش کرابوون زۆر بوو بۆیە کارێکی زۆر سەخت بوو بۆ من، هەروەها دەمەوێ بڵێم کە رەخنەگرتن لە فیلمی سینەمایی و هەڵبژاردنی چەند فیلمێك لە نێوان ژمارەیەکی زۆری فیلم ئەرکێکی ئاسان نییە و دەگەڕێتەوە سەر ئاست و ژینگەی ئەو فیلمە و کەسایەتیی فیلمسازەکان و پەیامەکەی و ئەو جەماوەرەی بۆی بەرهەمهێنراوە، چونکە هەموو کارێکی سینەمایی پەیامێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکرێ.

بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر لە چەند فیستیڤاڵێکی کوردیدا بەشداری کردووە و تا رادەیەك شارەزایی لە فیلم و سینەمای کوردی هەیە و ئایا لە چ ئاستێکدان و گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بەشداری لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانی هاوشێوەی (کان)دا بکەن لەم بوارەوە پێیوایە کە لە هەر فیستیڤاڵێکدا سەلیقە و پێوەری تایبەت هەیە بۆ وەرگرتنی فیلمەکان و هەڵبژاردنیان، سەبارەت بە فیلمی کوردی ئەوەی من بینیومە ئەوەیە کە خۆشبەختانە هەندێك فیلمی کوردی لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بەڵام هەندێکیان ئاستیان نزمە و دەتوانرێ زیاتر پەرەیان پێبدرێت، چونکە لە هەموو بوارێکەوە ئەو توانایە هەیە، بەڵام لە هەندێك لایەندا دەتوانرێ سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگیرێت و ئاڵوگۆڕییەکی پێویست هەبێت لە نێوان سینەماکارانی کورد و جیهانی و بەتایبەتی لە بواری چیرۆکەوە پێویستە سوود لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتووتر لە سینەما وەربگیرێت، چونکە زەمینەی پێشکەوتنی زیاتری سینەما لە کوردستان زۆرە.

سینەمای ئێرانی لە زۆر رووەوە بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و هەنگاوی زۆری هاویشتووە، لە هەمان کاتدا خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە لەو بوارەدا، لە سینەمای زۆر لە وڵاتان پێشکەوتووترە لە هەموو بوارێك و بە هەموو پێوەرە سینەماییەکان، مریەم پیربەند دەربارەی ئەم پێشکەوتنە و پێشڤەچوونەی سینەمای ئێرانی بەخۆیەوە بینیوە و بەردەوامیشە دەڵێ: سینەمای ئێرانی یەکێکە لە سینەما کۆنەکانی ناوچەکە و هەمیشە لە پێشکەوتندا بووە لەرووی تەکنیك و سیناریۆ و نواندن و ناوبانگێکی باشی هەبوو لە نێو سینەمای وڵاتان لە ئەمریکا و هۆڵیۆد دەهاتنە ئێران بۆ دروستکردنی فیلم ئەمەش بە ئاسانی نەهاتۆتە دی، بەڵام دوای شۆڕشی ئیسلامی و بەهۆی رووداني جەنگی ئێران- عێراق و نەبوونی کات و سەرقاڵ بوونی زیاتری خەڵك بە بوارەکانی دیکەی ژیانەوە ئەم پێشکەوتنە بەردەوام نەبوو و دابڕانێك دروستبوو، تا جارێکی دیکە هونەرمەندان دەستیان پێکردەوە بە تەکنیکی نوێ و چیرۆکی نوێ و چەندین فیلمی جیاجیا بەرهەمهاتن کە جیاواز بوون لە قۆناغی پێشتر، ئێستا لە تارانیش خەریکە شارێکی سینەمایی هاوشێوەی بۆڵیۆد دروست بکرێت، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە بۆڵیۆد رەنگە هەر کاتژمێرێك فیلمێك دروست بکرێت کەچی لە ئێران ساڵانە لە نێوان ٢٠-٣٠ فیلم بەرهەم دەهێنرێت ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ بۆڵیۆد کەمە، ئێستا من هەست دەکەم لە کوردستانیش بەهەمان شێوە پێویستە هەنگاو بنێت بە فێر بوون و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان و بینینی فیلمی جیهانی بەتایبەتی لە فیستیڤاڵە جیهانییە جیاجیاکان سینەمای کوردی بەرەو پێش بچێت، چونکە



**مریەم پیربەند لە ساڵی ١٩٧٨ لە تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران لە دایکبووە و ماوەی ١٠ ساڵە لە بواری هونەری کاردەکات و تا ئێستاش چەندین بەرهەمی بەپێزی پێشکەش بە هونەری وڵاتەکەی کردووە، لەپاڵ کاری دەرهێنەریشدا لە ١٨ فیلم ڕۆڵی بینیوەو خاوەن ٢ زنجیرە درامایە، جگە لەمە یەکێکە لە ئەکتەرە دیار و سەرکەوتووەکانی بواری شانۆ لە ئێران و لە چەندین شانۆگەری ناسراوی ئێران رۆڵی سەرەکی هەبووە، هەر لە بوارەکەشیدا چەندین جار کاری ماك ئەپی کردووە، جگە لە کاری سەرەکیی خۆی کە دەرهێنانە، هەروەها خاوەن ١٤ کورتە فیلمە کە زۆربەیان لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا بەشداربووە، لە دیارترین ئەو فیستیڤاڵانەی کە فیلمەکان بەشداربووە تیایاندا فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (کان)ـە، کە لە ساڵی پاردا بە فیلمی «سەمام لەگەڵدا بکە»، تا ئێستاش چەندین خەڵاتی نموونەیی فیلمەکان لە نێو فیستیڤاڵەکاندا بەدەستهێناوە.**

وەك پێشتریش گوتم لە کوردستان زەمینەی پێشکەوتنی سینەما زۆرە، من خۆیشم پرۆژەیەکم لەبەر دەستە بۆ ئەنجامدانی کارێکی سینەمایی لە کوردستان و لەگەڵ چەند کەسێکی ناسراوی بوارەکە قسەمان کردووە، بەڵام تا ئێستا تەنیا بیرۆکەیە.

لە پاڵ سینەما مریەم پیربەند یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی شانۆ، لەم بارەیەوە دەربارەی جیاوازییەکانی نێوانیان لە ئێران دەڵێ: ئەگەرچی هەردووکیان نواندنە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوانیان لەرووی ناوەڕۆك و دەرهێنان و نواندندا، هەروەها جوڵە و بینینی رۆڵەکان لە سینەما و شانۆ زۆر زۆر لە یەکتر جیاوازن، لە سینەمادا ئەگەر دەنگی ئەکتەریش باش نەبێت بە دۆبلاژ چاك دەکرێت، بەڵام ئەکتەری شانۆ پشت بە دەنگ و تواناکانی خۆی دەبەستێت، سینەمای ئێرانی لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بوونێکی بەهێزی هەیە، بەڵام شانۆی ئێرانی بەو شێوەیە نییە، بۆیە دەبینین ئێران لە سینەما پێشکەوتووترە وەك لە شانۆ ئەمەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە کەمی ژمارەی هۆڵی نمایشی شانۆیی و کەمی جەماوەری شانۆ و زۆر هۆکاری دیکەش هەن.

بە حوکمی سەردانە بەردەوامەکانی بۆ کوردستان درکی بە خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکانی نێوان فیلم و سینەمای ئێرانی کردووە : بێگومان، هونەری ئێمە لە تەواوی جومگەکانیدا لە یەکەوە نزیکە و ئەمەش بۆ ئەو مێژووە دێرینە دەگەڕێتەوە کە لەنێوانمان هەیە، جگە لەمەش سیناریۆ و چیرۆکەکان بە تەواوەتی لە یەکترمان نزیك دەکەنەوە، چونکە خاوەن هەمان دابونەریت و هاوسنووری یەکترین لە وڵاتەکانماندا.

# کرێی هونەرمەندان لە زەماوەندی ئیماراتییەکان

لە دوای پشێوییەکانی بەهاری عەرەبی کە بەشێکی وڵاتانی عەرەبی گرتەوە و بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری ئەو وڵاتانە تێکچوو، ئەمەش راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بازاڕی هونەرمەندە عەرەبەکان هەبوو بەتایبەتی بۆ سازدانی کۆنسێرتی هونەری، چونکە میسر و سوریا و تونس بە بازاڕێکی سەرەکی و بەردەوام دادەنران بۆ هونەرمەندان و زۆربەی کۆنسێرتەکان لەو وڵاتانە بوون.

ئێستا دوای ئەم بارودۆخە زۆربەی هونەرمەندانی عەرەب روویان لە وڵاتانی کەنداو کردووە، بەڵام بۆ گێڕانی زەماوەندی بوك گواستنەوە و ئاهەنگە تایبەتەکان کە دەوڵەمەندانی ئەم وڵاتانە بەبۆنەی جیاجیاوە سازی دەکەن، بەجۆرێك ئێستا هونەرمەندان بە گوێرەی ئاهەنگەکە و لەبەرچاوگرتنی شوێنی ئاهەنگ و ژمارەی ئامادەبوون نرخی ئاهەنگەکانیان و ئەو وەرزەی ئاهەنگەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت دیاری دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هونەرمەندانە پابەند نەبن بە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا هونەرییەکان کە زۆر جار بەپێی گرێبەستەکە رێگایان پێ نادەن لەم جۆرە ئاهەنگانە ئامادە بن. هەریەکە لە هونەرمەندان ماجید ئەلموهەندس و محەمەد عەبدەو رابح سەقەر و ئەحلام لەسەرووی لیستەکەوە دێن لە دوای ئەوانیش نەوالی کوێتی دێت، هەر یەکێك لەمانە بۆ ئاهەنگێك کەمتر لە ٢٠٠ هەزار دۆلار وەرناگرن کە هاتن و چوون و مانەوە و تیپی موزیکیش دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە دیارییەکی تایبەت کە پێشکەشی هونەرمەند دەکرێت ئەویش دیارییەکی گرانبەهایە و زۆر جار کاتژمێرێك یان خشڵ و بەردی گرانبەهایە بۆ هونەرمەندە ئافرەتەکان، ئەمە جگە لە کرێی ئەو گۆرانییە تایبەتەی بۆ بوك و زاوا ئامادە دەکرێت.

لە دوای ئەوانەش هەر یەکە لە ئەلیسا و میریام فارس و حوسێن جەسمی و تامر حوسنی و نەجوا کەرەم دێن.





# سواستیکا هەوڵی خۆ کوشتنی دا

کچە ئەکتەری ناسراوی هیندی سواستیکا موخەرجی بەم دواییە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی Mid-Day چەندین نهێنی دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی ئاشکرا کرد کە تا رادەیەك نوێ بوون بۆ جەماوەرەکەی لە هەمان کاتدا هەندێك لە نهێنییەکانی مایەی سەرسوڕمان بوون و جەماوەرەکەی تووشی شۆك کرد بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خۆشەویستی و ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە.

یەکێك لەو نهێنی و دان پێدانە سەیرەکان بەلای جەماوەرەکەی هەوڵی خۆ کوشتنی بوو، سواستیکا رایگەیاند کە جارێکیان هەوڵی خۆ کوشـــتنی داوە لە دەرەنجامی ناکۆکییەکی نێوان خۆی و یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی و بۆ ئەم مەبەســـتەش بە پەلە گەیەنراوەتە نەخۆشـــخانە، هەر لەم دیمانەیەدا ئەو پزیشـــکەی کە چارەسەریشـــی کردووە دەڵێ: رۆژێکیان هێنایانە نەخۆشـــخانە و چەند پارچە شووشـــەیەك لە باسکی راســـتی چەقی بوو، دوای ئەوەی ئێمە نەشتەرگەرییەکمان بۆ ئەنجامدا و خوێنبەربوونەکەمان وەستاند توانیمان لە مردن رزگاری بکەین و ئێستا باری تەندروستیی باشە.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە سواستیکا دوای ئەوەی لە ئاهەنگێکی شەوانە لە ماڵی یەکێك لە هاوڕێکان لەگەڵ دەرهێنەری فیلمە نوێیەکەی دەبێتە مشـــتومڕیان دەگەڕێتەوە ماڵەوە و هەوڵی خۆ کوشتن دەدات، بەڵام بە هەوڵی پزیشکان لە مردن رزگاری دەبێت.

# سەمیرە سەعید هەڵمەتێک دژی جگەرەکێشان دەستپێدەکات



لە روانگەی وشیاریی و درك کردنی بەو رۆڵەی لـــە نێو کۆمەڵگادا دەیگێڕێ و وەك رەنگدانەوە بەرامبـــەر بەو کۆمەڵگایە و هەســـت کردنی بە بەرپرســـیاریەتی بەرامبەر بـــە جەماوەرەکەی بەتایبەتی لە وڵاتی مەغریب، خانمە هونەرمەندی مەغریبی سەمیرە سەعید هەڵمەتێکی دژی جگەرە کێشـــان دەستپێکرد. بۆ ئەم مەبەستەش دەستی کرد بە وێنەگرتنی ریکلامێك بۆ ئاگادار کردنەوە لە مەترسییەکانی جگەرە کێشان لە چوارچێوەی هەڵمەتێك کە تەلەفزیۆنی مەغریبی دەستی پێکردووە، لەو سپۆتەدا ســـەمیرە ســـەعید دەڵێ: من هیچ چیرۆك و بەسەرهاتم لەگەڵ جگەرە کێشـــان نییە، بـــەڵام چیرۆکی باوکم لەگەڵ ئەم پەتایـــە دوورو درێژە، چونکە دوای دە ســـاڵ لـــە وازهێنانی لە جگەرەکێشان بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان کۆچی دوایی کرد، من ئەو راستییەتان پێ دەڵێم کە لە راپۆرتە جیهانییەکان بڵاوکراوەتەوە و سەلماندوویەتی کە جگەرە کێشـــان هۆکارێکی ســـەرەکییە بۆ تووشـــبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی ســـییەکان. لە درێژەی ســـپۆتەکەیدا ســـەمیرە دەڵێ: هەر کەســـێك بێتە ماڵم پێـــی دەڵێم بەخێر بێیت، بەڵام هیوادارم جگەرەی تێدا نەکێشـــیت، لە کۆتایی سپۆتەکەشـــدا سەمیرە دەڵێ: زۆر بە باشی بیر بکەنەوە، چونکە ئێوە تەنیا یەك تەندروســـتی و یەك ژیانتان هەیە، بۆ ئەوەی بە خۆشی و ئاســـودەیی و دوور لە گرفت بژین، بە هەموو شێوەیەك لە جگەرەکێشان دووربکەونـــەوە و ئینجا بەراوردێك بکەن و بزانن چۆن ژیانتان گۆڕاوە و خۆشتر بووە.


# ڕێگای بەرەو حەلـــەب

## فیلمێک بە زمانی عەرەبی و رۆحێکی کوردی

فەرزین کەریم



دووەمین کاری سینەمایی دەرهێنەر (وشیار عەبدی) یەکەمین فیلمی دوای هەڵگیرسانی شەڕی سوریایە. ڕێگای بەرەو حەلەب فیلمێکی جادەیە (رۆد مۆڤی)، کە پانۆرامایەکمان لە سەر ڕووداوەکانی سوریا پێشکەش دەکات. چیرۆکەکانی ناو ئەم فیلمە هەمان ئەو چیرۆکانەن کە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنە جیاوازەکان دەبیستین و دەبینین و دەخوێنینەوە.
دەرهێنەری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان وشیار عەبدی، ویستویەتی بە ڕێگای جیاوازی لە نێوان خواست و تایبەتمەندیەکانی هەر سێ کاراکتەری سەرەکی(رونی، نورا، و یوسف) جیاواز بەشێك لە ناکۆکیی تاکەکانی کۆمەڵگای سوریامان پیشان بدات:



(رونی) بــە ئاواتی دۆزینەوەی دایکــی، دەبێتە چاوی بینەرانــی فیلمەکــە. (نــورا) قوتابییەکــی زانکۆیە کە هەرچەندە خۆی بە رۆژنامەنووس ناوزەد دەکات و تەنانەت لە ســەرەتا بە درۆ خۆی بە رۆژنامەنووسی ئاژانسی (بی بی سی) دەناسێنێت، بەڵام وا نییە و تەنیا رۆژنامەنووسێکی هاووڵاتییــە (cityzent journalist) کــە دەیەوێت رووداوەکان بە کامێرا و مۆبایلەکەی بە دۆکیۆمێنت بکات. ئەو کچێکی ئازادە و هەوڵدەدات پێوەر و نەریتە چەقبەستووە کۆمەڵایەتییەکان بشکێنێت، بۆیەشە بە پێچەوانەی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی عەرەبی ئیسلامیی سوریادا باوە، خۆی دان بە خۆشەویســتیی بۆ یوسف دادەنێت. (یوسف) گەنجێکی شۆڕشــگێڕ و تا رادەیــەك جیهادییە کە بــە پێچەوانەی باوکی کە لە ســەردەمی حافز ئەســەد، پیاوی حکومەت بووە، دەیەوێت ئەم رژێمە بگۆڕێت، لەم پێناوەشــدا دەیەوێت خۆشەویســتی نورا بەرامبەر بە خۆی نەبینێت و پشتگوێی بخات.

ئەم فیلمە لــە چوارچێوەیەکی ریالیســتیەوە، دەڕواتە ناو جیهانی سیحر و فانتازیاوە. رونی بەردەوام کچێکی منداڵی جوانکیلە و فریشتە ئاسای شێوە ئەوروپی دێتە ناو خەیاڵی، کە نازانین منداڵی دایکیەتی یان کچەکەی خۆیەتی کە لە ئەڵمانیــا چاوەڕوانیەتی. یان خەیاڵەکانی نورا، کە بەردەوام یوســف دێنێتەوە بەرچاوی. یان رووداوە یەك بەدوای یەك و چاوەڕواننەکراوە پڕ لە نەهامەتیەکان، کە دۆخێکی نزیك لە ناڕاستی وەردەگرێت، هەرچەندیش هەڵقوڵاوی ناخی راستی گەلێکی حاشــاهەڵنەگریش بن. بۆیەشە بە رای خۆم ئەم فیلمە دەڕواتە خانەی سینەمای ریالیستی – جادوویی کە ئێستا زۆر گرنگی پێدەدرێت.

فیلمەکــە جیــا لــە چەند رســتەیەکی کــورت و چەند گۆرانییەکی کــوردی هەمووی بە زمانی عەرەبییە، بەڵام رۆحێکی تەواو کوردی بەسەریدا زاڵە. لە رووی چیرۆکەوە، هاوشێوەی فیلمە ســینەماییە کوردییەکان، بابەتی سنوور بەشێکی زۆری پانتایی فیلمەکەی داگیر کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە عەرەبەکان ٢٢ دەوڵەتیان هەیە و خەمی سنووریان نییە. رۆنی کە باوکی کوردە و دایکیشی نازانین کە کوردە یان عەرەبە (لە وانەیە ئاماژەیەك بێت بۆ بێ ناســنامەیی و شوناســی کوردانی رۆژئاوا)، لــە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە و (ســنوور) بەردەوام دەمانباتەوە بۆ نــاو ژیانی ئەوەوە. لە فیلمەکەدا کــە رۆنی و نورا لە ناوچە عەرەبییەکانەوە دێنە ناو ناوچە کوردییەکانەوە بە تەواوەتی هەســت بە کونتراست لە هەموو لایەنەکانەوە دەکەین. خاڵی دیکەش کە بە تەواوی فەزایەکی رۆحی و بان سروشــتی دەبەخشێتە فیلمەکە، ئەو گۆرانی و میلۆدییە ئاشنایە کوردیانەیە کە دەبیسترێن، بە تایبەتیش لە ناو فەزای پڕ لە توند و تیژی و کارەساتباری زیندانی رژێمی سوریا.

راســتە فیلمەکە بە زمانی عەرەبیە بەڵام رۆحێکی کوردی هەیە، هەرچۆن رۆنی بە دوای دایکی خۆی دەگەڕێت کە نازانین کوردە یان عەرەبــە و دەیدۆزێتەوە، بەڵام بە هەمان بارتەقاییش باوکە کۆچکردووەکەی کە کوردە و ســەرەڕای ئــەوەی بە درێژایی فیلمەکە نایبینین، بەڵام رۆحی بوونی هەیە...



